کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 14:39 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# پاتەی دراوی گەریلایەک یان کۆشک و تەلاری سەرشۆڕی ... م. حەمید عەزیز

لەسەرگۆی ئەم زەمینەدا لە بیابان و چیاو دەشت و دەریاو هەموو شوێنەکانی مرۆڤی تێدا دەژی لەهەموو یاساو ڕێساکانی ژیانیشەوە لەهەموو ویژدانی مرۆڤایەتیشەوە کەی و لەکوێ هەبووە یان بیستراوە کە نەتەوەیەک بەزمانی خۆی نەدوێ و گفتوگۆ نەکات. !!!
ئەگەر مرۆڤێک زمان و ئاین و کلتورو جل و بەرگی خۆی لێ قەدەغە بکرێت ئەوا ئەو مرۆڤە کەسایەتی دەشکێت و ڕۆحی هەست بە مرۆڤ بوونیی دەمرێت و هەتا هەتایە بەکەم و کوڕی دەژی و هەست بەکەمیی دەکات و لەناخی کەسایەتی خۆیدا بندەست و کۆیلە دەبێت و هەمیشە خۆی بەهاوولاتی دووەم یان سێهەم دەزانێ لەنیشتمانی خۆیدا ئەمە کاروپیشەی کەمالیستەکان بووە لەگەڵ کورددا. ئەم کارە ڕامیاری یە قێزەوونە دووژمنانی کورد بەرامبەر کورد ئەنجامیان داووە بۆ چەند ساڵێکی دوورو درێژ بەم جۆرە سیستمە شۆڤێنیستی یە بەڕێووە چووە بەتایبەت لەباکوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان کە کەسایەتی مرۆڤی کوردیان پێ تێکشکاندووە. دەبێ چ جۆرە مرۆڤ و دەسەڵاتێک بن ئەم کەمالیستانە کەئاوا نامرۆڤانە بیردەکەنەوەو فاشیستانە ڕەفتار دەکەن. !! دەنا چۆن مرۆڤی ڕاستەقینە بە سووک و ڕسوواکردنی مرۆڤەکانی تر بەختەوەرو سەرفراز دەبێت. هەرچی کارو ڕامیاری نادروست و ناشرین هەیە لەلایەن دووژمنانەوە بەرامبەر بەمیللەتی کورد کراوە کەچی ئەوان بە کورد دەڵێن تیرۆریست کەخۆیان باش دەزانن ئەوان خاک و نیشتمانی کوردانیان داگیرکردووە برووانە لەکارەکانی خۆیان ئایا ئەوان تیرۆریستن یان میللەتی کورد. ؟. کارە تیرۆریستی یەکانی دووژمنانی کورد بنووسینەوە بەسەدان کتێبیش تەواو نابێت بەڵام لێرەدا هەریەکەی یەک نمونەی لەو کارە چەپەڵانەی دووژمنانی کورد باس دەکەین:

1/ تورکیا خۆی وولاتێکی تیرۆریستەو خەڵک دەفرێنێت لەهەر وولاتێکەوە کە بیەوێت نمونەی زیندووی ئەوکارە چەپەڵ و تیرۆریستی یە فراندنی (گرتن و بردنی) عەبدوڵا ئۆجەلان بوو کە لە کیشووەرێکی دووری وەک و ئەفریقا لە فرۆکەخانەی کینیاوە فراندی و هێنایەوە بۆ تورکیا ئەم کارە تیرۆریستی و چەپەڵە لە بەرواری 1998 دا ڕوویدا.

2/ ئێران لەناوجەرگەی شارستانی یەت و مەدەنی یەتدا لەپایتەختی نەمسادا (ڤییەننا) دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملۆو هاوڕێیانی تیرۆر دەکات. ئەم ڕووداوە دڵ تەزێنە لەساڵی 1989 دا ڕوویدا.

3/ سوریا لەپایتەختی وولاتە دراوسێکانیدا بەناوی دۆستایەتی یەوە کێی بوێ دەیکووژێ نمونەی ئەوکارەش تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری بوو کەسەرۆک شالیارانی لوبنان بوو. ئەم کارە تیرۆریستی یە لەساڵی 2006 دا ڕوویدا.

4/ عێراق لەپایتەختی کوەیتدا بەدەستی مخابەراتی عێراقی تەقەیان لە سەرۆکی ئەمریکای ئەوکاتە کرد کە جۆرج بووشی باوک بوو. ئەم کارە تیرۆریستی یە لەساڵی 1993 دا ڕوویدا.

چوار نمونە لە سەدان و هەزاران کاری تیرۆریستی ئەم دەووڵەتە فاشیانەی دووژمنی سەرسەختی کورد کەخۆیان بە دەووڵەت و نەتەوەی سەردەست دەزانن و کوردیش بەنۆکەرو تیرۆریست دەزانن بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە.

ئەم نووسینە ووتارە چیرۆکێکی دڵتەزێنی خەماوی سەیرە.. ئەم نیوودێرو چەند ووشەو ناونیشانە داستانێکی پڕ تەموومژی گەلێ کۆن و شەکەت و ماندووە.. ئەم باس و ژانی ناخە دەریای مێژوویەکی پڕ خوێن و زوولم و بندەستی یە. ئەم پەیڤە ئەم دارشتنی ژیانی کۆیلایەتی و بندەستی یە بەشی کوردە کە دنیای ویژدانی خاوەن ویژدانەکانی هەژاندووەو ڕەفتاری فاشییەکانی دووژمنانی کورد لەهەمان کاتدا دنیای ئادەمیزادی مۆدیرنی تووڕەو بێزار کردووە. ئەم دێرە تەپوتۆزاوییە لێوخەمباراویانەیە کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەدایک بووی شانۆی مەمللەکەتی زوولم و ستەم و نایەکسانی و بێ باوەڕی و نامرۆیی زۆر گەورەیە کەدەرهەق بە ڕۆحی نەتەوەیەکی بندەست ئاراستە کراوەو دەکرێت و بەردەوام هەتا ئێستاش بینای ڕۆحی مرۆڤی کورد ڕمێنراوەو سوکایەتی و یاری بە کەسایەتی مرۆڤبوونیی میللەتی کورد دەکرێت. ئەم مێژووە ئەم داستانە ئەم ژیانە ئەم ووشەو دێڕانە ئەم نووسین و خوێنی جگەرە ئەم شیلەی مێشکی ماندوبوون و شۆڕش و بەرخۆدانە ئەم سەدان هەزار شەهیدە یان هەرناوێکی لێدەنێیت تۆ ئازادیت چونکە کارەساتەکە لەوەدایە کە دووژمنانی کورد بە دوواکەوتووترین شێوازی فیکرو کاری بازرگانی و ئاین و (ئیسلامی سیاسی) یان ڕونتر بلێین بەناوی مێشک سڕینەوەی (غسل دماغ) ئاینەوە زمان و کلتورو ئاینی بنەڕەتی (سەردەشت) کەکتێبەکەی (ئاڤێستایە) لێ زەوت کراوەو بەهەموو شێوەیەک دەمانسڕنەوەو ژیانمان تاڵ دەکەن و بەهەموو جۆرە کووشتنێک کوردیان تاقی کردۆتەوەو قڕیان کردووە کەچی ئەوان و دووژمنانی کورد لەسەرو هەموویانەوە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا، وولاتە ئیسلامییەکانی کەنداوو.. هتد ئەمانە وەکو نەتەوەو مرۆڤ سەیرمان ناکەن و بە میللەتێکی 50 پەنجا ملیۆنی بەشخوراو دەڵێن تیرۆریست لەگەڵ ئەوەشدا کورد تەنها میللەتێکە بەو قەبارەیە لەسەرگۆی زەمین کە بێ دەوولەتەو هەمیشەش لەسەر ئاوو خاکی وولاتی خۆی جەنگاوەو بۆ یەکجاریش لەسەر خاکی دووژمن هێرشی نەبردۆتە سەر خاوەن ماڵ و تەنها بەرگری لەماڵ و نیشتمانی خۆی کردووە. هەر چۆن سەدامی دیکتاتۆر نەتەوەی کوردی باشووری ئەنفال کرد 1987/ 1988 بەو شێوەیەو بەهەمان ئاین و عەقلی یەتەوە وەهەروەها بەهەمان نەبوونی مۆڕاڵی مرۆیی یەوە 25 بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤی کورد لەباکوری کوردستان بەدەستی کەمالیستە خۆپەرستەکان دەچەوسێنرێتەوەو بەبیرێکی زۆر کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیانەو ڕەگەزپەرستانە نەتەوەی کورد جینۆسایدو قڕو ئەنفال دەکرێت. لەهەمان کاتدا کوردی بەشی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای بچووک هەمان دەردوو هەمان تاسو حەمامە لەباری ژیان و ئازادی یەوە، بەلام کوردی باشوور کەمێک ئازادی هەیەو دەسەلاتی کوردی لەوێ جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی نی یە تەنها جیاوازی چینایەتی نەبێت ئەویش هەتا ئەم سەردەمە بەسیستمی سەرمایەداری ڕەفتار دەکەن بەلام زەمینەی ژیانی باش و ئاستی بەرزی دەسەلاتی سەرمایەدارییان نی یە چونکە لەڕاستیدا پلەو هەنگاوی سەرمایەداری پێشکەوتووترە لە هەنگاوی سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی و کۆیلایەتی و ئاغایەتی بەلام کێشەکە لەوەدایە دەسەلاتی کوردی لە باشووری کوردستان بەعەقلی یەتی سەرمایەداری نەخوێندەوار ڕەفتار دەکات چونکە هەتا ئەم سەردەمەی ئێستا کەسەردەمی سیکۆلارو جیهانگیری و مەدەنی یەتە بەلام لای ئەوان خۆیان لەفیکرو قالبی ئاغایەتی و شێخایەتی و بنەماڵەیی جیانەکردۆتەوەو ڕزگارنەکردووە. باشە مرۆڤ ئەو هەموو چەوسانەوەو زوولمە بەرامبەر کورد دەبینێت باشە جێی خۆی نی یە ئەگەر مرۆڤ ڕەخنەو گازندە لە ڕێکخراوێکی وەکو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ (حقوق الانسان) و ڕێکخراوە مرۆیی یەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو هەموو وولاتانەی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە ئالای ئازادی و ماف و یەکسانییان بەرزکردۆتەوە. ؟. بەوواتایەکی تر ئەمانە و دنیای نوستووی بێ ویژدانی و سەرمایەداری و بەرژەوەندی ئاگایان لەوە نی یە میللەتێکی خاوەن مێژووی کۆنی تینوی سەربەستی گۆرانی بۆ ژیان و ئازادی دەچڕێ کەچی تێزاب دەکەن بەقەڕگیدا.. !!؟.

سەیری ئەم سەرتۆپکی ڕەگەزپەرستی و فاشیستی یە بێ وێنەیە بکە کە پیاوێکی وەکو (دەنیز بایکاڵ) دەیەوێت لەماوەی چەند ساڵێکدا زمان و کلتورمان بگۆڕێت بە دامەزراندنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و قوتابخانەی تورکی بەزمانی تورکی لە باشووری کوردستان. ئەم سیاسەتە لەئەنفال و کووشتنی بەکۆمەڵ خراپترە. (دەسەلاتی تورکی هیچ ئیش و کارێکی تری نی یە تەنها پلان دانانی سڕینەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەتەوەی کورد نەبێت چونکە ئەمریکای حەریفی ئەمرۆی بەڵێنی پێداوە بێ لەوەی 200 دووسەد ملیار دۆلاری قەرزی لایەتی قەرزی تریشی پێ بدات. ووڵاتی تورکیا تا ئەمرۆ 400 ملیار دۆلار قەرزاری دنیایەو ووڵاتێکی دارزاو لەگەندەڵی و رامیاری هەڵەو بیروبۆچووبی سەقەت و بەوحاڵەشەوە دان نانێت بەبوونی کوردو هەمیشە بەرامبەری وەستاوە بۆ جەنگ. یەکێک لەهەڵە گەورەکانی هەر میللەتێک ئەوەیە کە باوەڕ بە کاری ڕامیاری ئەمریکا بکات و بەهاوڕێی خۆی بزانێت کەچی هەتا ئێستا ئێمەی کورد چونکە لە سەروبەندی کاری ڕامیاریدا لاوازین ئەمریکای سەرمایەدار (تەنها بەرژەوەندی بەدۆستی خۆمان دەزانین.

ئەوەنی یە (ئایتاج یەڵمان) پەشیمانە لەوەی کە لەسەردەمی خۆیدا سەرەک کۆمار بووە زمانی کوردی قەدەغە کردووە. !!. (ئایتاج یەڵمان) لەباری مرۆیی یەوە نادوێ بەڵکو دەڵێ بگەڕێین بۆ کارێک کەکوردی پێ مەحف بکەین و بوونیان نەمێنێت لەسەر زەوی. من دڵنیام دەسەڵاتی تۆرانی یەکان و کەمالیستەکان کە دەقاو دەق هیتلەرییانە و مۆسۆلۆنییانە و کاسترۆیانە بیر دەکەنەوە ئەوان ڕازی نین بەوەی کورد لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێت بەڵکو لەوەش خراپتر زۆر نارەحەتن بەوەی کە ڕەوەندی کورد ئازادن لە ووڵاتانی ئەورووپاو لەوەش خراپترو سەیرتر ئەوەیە کە زۆر نارازین و نارەحەتن بەوەی کە ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێت کورد دەووڵەت دروست بکات، ئەوە وواتای ئەوەیە دەسەڵاتی تورک نەخۆشی سەردەستەیی و خۆسەپاندنی هەیە بەسەر خەڵکی ترو دەووروبەری و کەمە نەتەوەکانی تورکیاش کەدان بەبوونیاندا نانێت هەر هەمان هۆش و بیرە کۆنەکەیان ماووە (عوسمانلی یەکان) بۆیە لەدەستووری دەووڵەتی تورکدا لە ژمارە 11 یانزەدا دەڵێ: نەتەوەی تورک نەتەوەیەکی سەردەستە لە تورکیاداو نەتەوەکانی تری کە لەتورکیادا دەژین بەهەمان شێوە هەر تورکن. سەیری ئەم تاوانە گەورەیە بکە کە دەرهەق بە خوداو نەتەوەکانی تری دەکەن. !!. ئەمە گەورەترین و ترسناکترین بیرو بۆچوونی نەتەوەیەک و دەسەڵاتێکی فاشیست و بێ وێنەی ڕەگەزپەرستی یە. نکۆڵی کردنی چەند نەتەوەیەک کە خاوەنی زمان و مێژوو ئاین و کلتوری تایبەتی خۆیانن وەکو کورد و ئەرمەن و عارەب کەلەناوچەکەدا لەچەند هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە ژیاون و دەژین بۆ نمونە دەووروبەری 900 ساڵ لەمەوبەر نەخاکی تورکیا هەبووە نەنەتەوەی تورک بەڵام کوردو ئەرمەن و عارەب لەناوچەکەدا بوونیان هەبووە. یاخی بوونی مرۆڤی کورد و شۆڕش و بەرخۆدان و قوربانی یەکانی هەمووی هۆی گەمە ناشرینەکانەو هۆی مۆراڵی کردارە نامرۆییەکانە کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەرامبەری کراوە لەلایەن دووژمنانی یەوە. کەچی ئەم پەستانی ژیانە بەرگری لە خاک و نیشتمان ڕۆحی شۆڕشگێڕێتی و پێشمەرگەو گەریللا شاد دەکات و هەست بەخۆ کردن و ئازادی بوون زیاتر دەبێت و تین و گوڕ پتر دەبەخشێت بەو مرۆڤانەی کە عاشقی ژیان و ئازادین. ئێمەش وەکو کورد هەتا ئێستا کە دوواکەوتووین لە ژیان و بووارەکانی هەر خەریکی شەڕی دووژمن و شەڕی خۆ کوژی بووین!! چونکە کەوتووینەتە ناوچەیەکی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی یەوە کە هەموو دراوسێکانمان ناحاڵی و دوواکەوتوو بێ ئاگان لە ژیان و ماف و یەکسانی و مرۆڤ دۆستیدا. پێش ئەوەی لەتوپەتیش بکرێین کەلەدووای جەنگی جیهانی یەکەمەوە 1914 دێت هەر داماوو هەژارو دوواکەوتوو بووین لەسایەی سەری چوار دەورمانەوە. جێگەی شەرمیش نی یە مرۆڤ ڕەخنە لەخۆی بگرێت، بەپێچەوانەوە مرۆڤ هەمیشە کەم وکوڕی هەیەو پێویستی بە کارو گوێ گرتن و هەوڵدانی زیاتر هەیە بۆیە هۆی ئەم مۆراڵی نووسینەیە لەیەک حاڵی بوونمان دەکاتە بەڵگەی مرۆڤ بوونیمان لەبری فاشییەت و کووشتن و بڕین. کەواتە بۆچی لەسەر خاک و ئاوو ووڵاتی باووباپیرانمان لێمان دەکووژن و لێمان دەبڕن و تەفروتوونامان دەکەن کەچی ئێمەی کورد (سەرکردەکان) سەرەڕای ئەو هەموو زووڵم و ستەمە کەچی داوای ئاشتی لەدووژمانانمان دەکەین!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

داوای ئاشتی و پێکەوە ژیان کارو بیرو هۆشێکی گەلێ مەزن و بەرزە بەڵام بەرامبەر کێ و لەگەڵ کێ؟. دەبێ ئەوە بزانین کاری باشەو ژیان و ئاشتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ مرۆڤدا جێ بەجێ دەبێت و دەکرێت بەڵام من پێم وایە دووژمنانی کورد لەزیهنی فاشیستێتی و بەرتەسکی ناهۆشیارانەی هۆشیانەوە باوەڕیان بەبوونمان نی یە نەگوێمان لێدەگرن و نەباوەڕیان بەپێکەوە ژیانیش هەیە لەگەڵماندا کەواتە داوای ئاشتی کردن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ دووژمنانی کورداو بەتایبەت دەسەڵاتی ڕەگەزپەرست و خۆپەرستی تورکاندا کارێکی ترسنۆکانەیەو خۆلەگێلی دانە چونکە بۆ چەندین جارە پارتێکی شۆڕشگێڕی وەکو (پ ک ک) داوای ئاگر بەست دەکات و شەڕ وەستاندن ڕادەگەیەنێت کەچی بۆ یەکجاریش تورکیای فاشیست و بێ ئابڕوو وەڵامی (پ ک ک) ی نەداوەتەوە کەچی دەسەڵاتی دڕۆزنی تورکان بە کورد دەڵێت تیرۆریست ئاخر تۆ خۆت بە مرۆڤ و موسوڵمان دەزانی کەچی باوەڕت بە گفتوگۆو دانووستان نی یە ئەی کەواتە کێ تیرۆریستە. ؟. هەمووەمان ئاگادارین و تورکیاش دەزانێت ئەم پارتە شۆڕشگێڕە (پ ک ک) نمایندەی میللەتی کوردەو بەناوی کوردستانی گەورەوە خەبات دەکات و ئەگەر هەر تەنها بەشی باکووری کوردستانی پێ بسپێردرێت یان لەئەستۆدا بێت نزیکەی 25 بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤی کورد لە باکووردا دەژی بەهەموو شێوەیەکی یاسایی مافی خەباتی ڕامیاری هەیە کە ئەگەر تورکیا وڵاتێکی دیموکراتی بێت بەڵام هەمووەمان دەزانین تورکیا نادیموکراتی یە و کوردیش لەبەرهەندێ خەباتی چەکداری دەکات. ئەی کەواتە کەی دەست لەملانی ژیان بین و ئەی کێ ئەو دووژمنە ناحاڵی و سەرسەختانەی کورد حاڵی دەکات. ؟. کەئێمەی مرۆڤ جوانیمان لەپێکەوە ژیانماندایە و گەورەییمان لەتێگەییشتن و گفتوگۆمان لە مرۆڤبوونیمان و مرۆڤبوونیشمان لەحاڵی بوون و بەهێزیشمان بۆ بەرگری لە بوونیادی بوونەوەریمان و ئادەمیزادین پێکەوەبوونمانە بۆ بەردەوامی ژیان؟. بەڵام دڕندە لەو پەیڤە جوان و مرۆیی و مەدەنی یەتە تەقەی سەری دێ و هەر حەز بەزۆرانبازی دەکات. بەداخەوەو لەهەمان کاتیشدا جێگای خۆشحاڵی یە ئەو وڵات و دەسەڵاتانەی کە کورد بندەستن تێیاندا وڵاتی هەرە دوواکەوتووی ژیان و ماف و یەکسانی و دیموکراتین بۆیە کە هەرچەندە بندەستین بەڵام دیارو پێشکەوتووترین لەوان لەباری ڕۆشنبیری و بیرو مەزهەب و مێژوو.. هتد.

پرسیار: کەس بیستووێتی یان بینیبێتی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی نەتەوەیەک هەبووبێت بەزمانی خۆی نەپەیڤیبێت و نەدووابێت (گفتوگۆی ئاسایی قەدەغە بێت) ؟.

پرسیار: بۆچی میللەتی کورد کلتورو جل و بەرگ و زمانی خۆی لێ قەدەغە کراوە؟. کەچی ئاینی ئیسلام کە لەبنەڕەتدا ئاینی خۆی نی یە لێی قەدەغە نەکراوە!!. (دەبووایە کوردو موسوڵمانی کورد ئەو بیرەیان بکردایەتەوە چونکە ئەگەر ئەم ئاینە زەرەیەک زەرەری لێبدانایە قەدەغەیان دەکرد) . باموسوڵمانانی جیهان بەگشتی و کورد بەتایبەتی واتێنەگەن ئەگەر کەسێک یان کوردێک موسوڵمان نەبوو ئیدی کافرە!. چونکە ئاینەکانی تری وەکو زەردەشت و کریستیان (مەسیح) و یەهودو.. هتد باوەڕیان بە خوداوەند هەیەو ئاینی ئاسمانین. ئەگەر 4000 چوار هەزار ساڵ بگەڕێینەوە بۆ دوواوە دەبینین نەتەوەی کورد بەڕەچەڵەک زەردەشتی یە (زەردوشت، زەرادەشت) کەچی هەموو بەڵگەنامەکانی مێژووی ئاین و ناوچەی ڕۆژهەڵات دەیسەلمێنێ کەتەمەنی میللەتی تورک لەسەرخاکی تورکیا دەوروبەری 800 هەشت سەد ساڵە هەیە وواتای وایە پێش ئەو مێژووە میللەتێک نەبووە بەناوی تورک و خاکێک بەناوی تورکیاوە بەڵام ئەو مێژووە بوونی کوردو ئەرمەن و سریان و عارەبی سەلماندووە لەو ناوچەیە. مێژووی نزیکی عوسمانلیان بەڵگەی نەژاد پەرەستی دەسەڵاتی تورکانە کەبووەتە هۆی داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی و هەندێک دوورتریش وەکو (عێراق، کوردستان، بلغارستان، قوبروس، ئازەربایجان.. هتد. ) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەم باس و ناونیشانەی سەرەوە ناونیشانی دڵی بریندارمانە لەهەمان کاتدا سەربەرزی و سەرفرازیمانە چونکە خاوەنی ئەو پاتە دڕاوانە مرۆڤێکن گەلێ بەرزو مەزنن بە وورەیەکی پۆڵایینەوە کۆشکی عەقڵە تەسک و شۆڤێنی یەکانی ئەتاتورک و ئەمریکای سپڵەو بێ هاوڕێ و بیری چڵکنی دەووڵەتە ئیسلامی یەکان دەڕوخێنێ و تەخت و تاراجی شۆڤێنی یەت و خۆپەرستی و سەرمایەداری و مەزهەب ڕسوا دەکات، بۆ دوواڕۆژێکی گەلێک نزیک میللەتی کوردیش شادمان دەست لەملانی ژیان و ئازادی دەبێت و خوێنی ئاڵی شەهیدانی کوردستان بە هەدەر ناڕوات. ڕێبازی پاتەی دڕاوی گەریلایەک باوەڕو قیبلەی کوردایەتی یە هەر دەبێت ئەنجامی هەبێت و نۆکەران و پاشەڵ پیسان ڕسووا بکات. ڕاپەڕین و خەباتی ئەمجارەی میللەتی کورد جیهانی یەو هەموو وولاتانی دنیاو کەسانی خەمخۆری ئازادی و مافی مرۆڤ لەگەڵ هەستی ناسکی گەریلایەکدان بۆ ژیان و سەربەستی و مافی ڕەوای گەلی کوردی ستەم دیدەی بندەست. گەلەکۆمەی ئەمجارەی دەووڵەتە سەرمایەدارو فاشیستەکانی وەکو تورکیاو وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو عێراق و سوریاو ئێران و دەووڵەتە هەلپەرستەکانی کەنداو خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی گەورەیە بەرامبەر بەهێزو بوونی بزووتنەوەی گەلی کورد (پ ک ک، پژاک) دەکرێ و بەڵگەی بەهێزیی ئەو بزووتنەوەیەیە دەنا ئەگەر وانی یە ئەو هەموو هێزو تانک و تۆپە چی یە لەسەر سنوری کوردستانی باشوور کە خۆی دەدات لە نزیکەی 100، 000 سەدهەزار سەرباز کە پڕچەکن بۆ جەنگ. میللەتی کورد ئازاو نەبەردو قارەمانە بەڵام دوو کێشەی سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

1 / یەکبوون کارێکی گەلێ گرانە لەلای سەرکردەکانی کورد.

2 / سەرکردەکانی کورد لاوازن لەکاری ڕامیاریدا.

تەنها وولاتێک لەم سەردەمەدا کە زۆر نەژادپەرست و خۆپەرست و ڕەگەزپەرست بێت وولاتی شەڕانگێزی تورکیایە، کەهیچ وولاتێک و نەتەوەیەک لە جیهاندا شان لەشانی نادات بۆ تەسک بینی و بەرچاوتەنگی و خراپە کردن بەرامبەر بە مرۆڤ و هاوولاتیانی خۆی، هیچ وولاتێکیش لەهیچ بارێکەوە خۆی بەدۆستی نازانێت و تەنها مەمللەکەتێکە کە پڕاوپڕو لێوان لێو بریتی یە لەشۆڤێنی یەت و ڕق و کینەو زوولم و نەفامی.

ئەم وولاتە وەکو بلێی لەدێرزەمانەوە نانیان لەگەڵ گورگدا خواردبێت دەنا تەمەنی ئەم وولاتەو تەمەنی سەردەستییان هی ئەوەیە کەخاوەنی هونەرێک بونایەو ناوو ناوبانگی باشیان هەبووایە لەڕووی مرۆڤایەتی و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و.. هتد، کەچی ئەم وولاتە بەو هەموو تەمەن و گەورەییەوە خاوەنی بەرهەمێکی زانستی یان مرۆیی نین کە بۆ مرۆڤایەتی سوود بەخش بێت. ئەوەی کەئەم وولاتە بەرهەمی هێناوە هەتا ئێستا و خەڵکی پێ فێر دەکات تەنها بەڕەڵایی و گەشت و گوزارو دیسکۆو ڕابواردنی جنسی و ئازادی لەش فرۆشی و دزی و درۆو قوڵ بڕی لەڕاستیدا ئەمەش خۆی لادانە لە عورف و عادەت و کلتوری خۆیان چونکە من ناڵێم هەموو تورکیا بەم شێوەیەیە بەڵام بەگشتی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم چونکە ئۆردۆغان و عەبدوڵا گۆل خۆیان بە لێپرسراوو سکرتێری پارتێکی ئیسلامی دەزانن کە ناوی پارتی دادو گەشەپێدانە (حزب العداله والتنميه) لاف و گەزافی موسوڵمانێتی لێدەدەن بەڵام وولاتەکەیان وێرانە و گەلێ دوورە لەڕەووشتی مرۆڤی موسوڵمان و مرۆڤی ئاسایی یەوە چونکە لەئەستەمبوڵ بەئاشکرا لەسەرجادەکان لەشفرۆشی دەبینیت.

Hamid773@hotmail. com
Hamid774@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.